# بەیعەتم پێبدەن لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ الله بڕیار نەدەن، ودزی نەكەن، وزینا نەكەن

لە عوبادەی كوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، لەوانە بوو كە بەشداری جەنگی بەدریان كرد، ویەكێك بوو لەو سەركردانەی هەڵبژێردران بۆ نوێنەرایەتی هۆزەكەیان لە شەوی عەقەبەدا؛ دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- كاتێك كۆمەڵێك لە هاوەڵانی لە دەوروپشتی بوون فەرمووی: «بەیعەتم پێبدەن لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ الله بڕیار نەدەن، ودزی نەكەن، وزینا نەكەن، ومنداڵەكانتان نەكوژن، وبوهتان نەكەن (بە هەموو جۆرەكانی) لە نێوان دەست وپێی خۆتاندا، ولە چاكەدا سەرپێچی نەكەن، هەركەسێك ئەمانە جێبەجێ بكات ئەوا پاداشتی لە لای الله یە، وهەركەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو ولە دونیادا سزا درا ئەوا ئەمە كەفارەتە بۆی، وهەركەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو پاشان خوای گەورە پۆشی ئەوا (بڕیاردان لەسەری) لە لای الله یە، ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت وئەگەر بیەوێت سزای دەدات»، ئێمەیش بەیعەتمان پێدا لەسەر ئەم شتانە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عوبادەی كوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت- لەوانە بوو كە بەشداری جەنگی بەدری گەورەیان كرد، ویەكێك بوو لە گەورەكانی هۆزەكەی كە دەستپێشخەریان كرد بۆ بەیعەتدان بۆ سەرخستنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شەوی عەقەبە لە مینا -كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مەككە بوو پێش كۆچكردنی بەرەو مەدینە-، عوبادە دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- كاتێك لە نێو كۆمەڵێك لە هاوەڵانی دانیشتبوو داوای لێكردن پەیمانی پێبدەن لەسەر هەندیك شت: یەكەم: بە هیچ شێوەیەك هاوبەش بۆ الله بڕیار نەدەن لە پەرستنیدا؛ ئەگەرچیش كەم بێت. دووەم: دزی نەكەن. سێیەم: داوێن پیسی -زینا- نەكەن. چوارەم: منداڵەكانیان نەكوژن؛ منداڵە كوڕەكانیان نەكوژن لە ترسی هەژاری، ومنداڵە كچەكانیان نەكوژن لە ترسی شەرمەزاری. پێنجەم: بوهتان نەكەن ودرۆ هەڵنەواسن لە پێش دەست وپێیاندا؛ ناوی ئەم دوو ئەندامە هێنراوە چونكە زۆربەی كردەوە ناشیرینەكان بەم ئەندامانە دەكرێت ئەگەرچی ئەندامەكانی تریش بەشدارن. شەشەم: لە چاكەدا سەرپێچی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەكەن. هەركەسێك پەیمانی دا وپابەندی ئەمانە بوو ئەوا پاداشتی لە لای الله یە، وهەركەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو -جگە لە شیرك- ولە دونیادا سزا درا؛ ئەمیش بە جێبەجێكردنی سزای شەرعی لەسەری ئەوا ئەمە كەفارەتە بۆی، وگوناهەكەی لەسەر لاچووە، وهەركەسێك تووشی شتێك لەمانە بوو پاشان خوای گەورە پۆشی ئەوا بڕیاردان لەسەری لە لای الله یە، ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت وئەگەر بیەوێت سزای دەدات، هەموو ئامادەبووان لەسەر ئەم خاڵانە پەیمانیان پێدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66210